# نا بۆ جەنگ!

# هەڕەشە جەنگی یەکانی تورکیا لە دژی خەڵکی کوردستان دەبێ ڕاگیرێت!

دەسەڵاتدارنی تورکیا زمانی جەنگ و مللیتاریزمیان زیادی کردوە هەرەشەی ئەوە دەکەن دەست ببەن بۆ جەنگێکی فراون لە ناەوەی خاکی کوردستانی عێراق بە بیانووی راوودوونانی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) کە ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی تورکیایە. لە راستیشدا بە کردەوە دەستی داوەتە هەندی بۆردومان و دزە کردنی هێزەکانیان بۆ ناوەوەی کوردستانی عێراق لە ناوچەو گوندەکانی پارێزگای دهۆک. هەرەشەی جەنگ و مالوێرانی لە شارەکانی کوردستان فەزای ترس و دڵەڕاوکێ و چاوە ڕوانی پێک هێناوە .

ماوەیەکی زۆرە تورکیا ئەم هەرەشانە لە خەڵکی کوردستان دەکا بەوەی کە بە هێزی سوپاوە بچێتە ناوەوەی کورستان و وە چەندین جار بۆردومانی شار و گوندەکانی بکا بە بیانووی راودوونانی چەکداران و رابەرانی پەکەکە. ئەمجارەیان هەرەشەکان جیدی تر مەترسیدارترن کە ئەیەوێ کوردستان بکاتە مەیدانێکی جەنگ . حکومەتی تورکیا دەیەوێ وا ئیدیعا بکا گوایا بەم رێگایە دەیەوی پەکەکە لە ناو ببات کە ئەمە پەردەپۆشیەکی درۆزنانەیە بۆ شاردنەوەی راستی ئەم جەنگ و هەرەشانەی. هۆی سەرەکی ئەم هەرەشانە ئەوەیە کە دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی تورکی درێژەی هەبێ و ترس و دڵەراوکی بە سەر ملیونەها کەس کە بەزبانی کوردی دەدوێن بهێلێتەوە وە وە فەزای مللیتاریزم درێژە پێ بدا تا رێگا بگرێ لەوەی کە خەڵکی کوردستان بە مافەکانی خۆیان بگەن و وەخۆیان چارەنووسی سیاسی خۆیان دیاری بکەن و ئازاد بن .

ئەگەر ئەو جەنگە روو بدات دەبێتە هۆی روودانی کارەساتی نا ئینسانی تر وەک ئەوەی هەزاران کەس ناچار دەبن ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێ بهێلن بچنە ناو چادرەوە ، وە دەبێتە هۆی وێران بوونی شار وشارۆچکەو گوندەکان و دارمانی ژێرخانی ئابوری و خزمەت گوزاری و مەدەنیەکان. لە لایەنی سیاسیشەوە ئەم جەنگە دەبێتە هۆی بەهێزکردن و پتەوکردنی هەژەموونی و باڵا دەستی باڵی بزووتنەوەی ناسیۆنالستی کۆنەپەرستی کورد لە کوردستانی عێراق کە ماوەی حەڤدە ساڵە دەسەڵاتدارە وە ئێستا لە خەڵک دابراوە وورووبەرووی رەخنەو نارەزایەتی بووەتەوە لە لایەن خەلکی کوردستانەوە بۆیە ئەم فەزای جەنگ و هەرەشانە دەبێتە هۆی زیاتر زاڵبوونی ئەم ناسیۆنالیزمە بە سەر بارودۆخەکاندا و بازرگانی بە سەر پشتی ئەم خەڵکەوە بکات وا خۆی پیشان بدات کە ئەو لایەنێکی زۆلم لێ کراوە لە باری میللی یەوە .گێرانەوەی متمانە بۆ لایەنە دەسەڵاتدارە ناسیۆنالیستەکان کە بەشدار بوون لەو سیناریۆ رەشەی ئەمەریکا سازی کرد لە عێراقدا وە بەردەوامی دەدا بە کۆنەپەرستی و زاڵ کردنی فەزای سەرکوت و بێبەش کردنی خەڵکی کوردستان، وە مەینەتیەکانی ئەم خەلکە بەبەردەوام لە زیاد بووندایە لەسەر دەستی ناسیۆنالیزمی کوردی دەسەڵاتدار، مافەکانییان پێشێل دەکرێ.

حیزبمان هەڕەشەکانی حکومەتی سەربازی تورکیا مەحکوم دەکا وە داوای دەست بەجێ وەستانی دەکا وە هەروەها داوای کشانەوەی هێزەکانی بە تەواوی لە سنوورەکان یا ئەو هێزانەی لە ناوەوەی کوردستانن دەکات. راگرتنی ئەم جەنگە لە لایەن حکومەتی فاشیستی تورکیاوە بە ئەرکێکی هەنوکەی و دەست بەجێی خەلکی ئازادیخواز و سکۆلار و وە هەموو لایەنەکانی دژی شەڕ و لایەنە سۆشیالیست و یەکسانی خوازەکان و لایەنگرانی ئازادی ، دەزانێ .

حیزبمان بانگەشەی خەلکی تورکیا و عێراق و ناوچەکە و جیهان دەکا یەک ریز رابوەستن لە بەرانبەر ئەم جەنگە وهەرەشەکانی حکومەتی تورکیا وە هەوڵ بدەن بەر بەهەڵگیرسانی ئەم جەنگە بگرن .

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**

**2007/10/17**